# سيميؤلؤذياي ضؤمسكي

نيهاد جامي

بەدوای ئەورەخنەگرتنەلەعەقڵانیەت,سیمیۆلۆژیا پێویستی بەگەڕانەوەبۆدۆخی سەرهەڵدانی زمان هەبوو,کەئەوگەشە زمانەوانیەچۆن بەهەمان شێوەی گەشەی فیسیۆلۆژی جەستەدەرکەوتووە,بەمانای پێویستی بەپرسیارگەلێك هەبووکەئاخۆزمان عەقڵی کردۆتەدەرەوەی یاخود بەدوای سێنتەری ئەوعەقڵەوەزمان ڕەخنەی لەسێنتەرگرت؟ئەوەش پرسیارێکی نائامادەبووهۆیەکەشی ئەوەبوودوای سۆسێر سیمیۆلۆژیاسەرگەرمی زەمینەوبنیاتەزمانەوانییەکەنەبوو, هێندەی بەپەیوەندیی ئاماژەبەزمانەوەولەلایەك ولەلایەکی تر پەیوەندی ئاماژەناسی بەئەدەبەوەخەریك بوو,بۆیەهاتنی چۆمسکی بووبەقۆناغێکی تری دوای سۆسێریی, بەواتای ئێمەلەسیمیۆلۆژیادا"قۆناغی سۆسێریی"(1)و"قۆناغی چۆمسکی"مان هەیە, ئەگەرقۆناغە سۆسێریەکە بووبێتە هۆی ئەوەی میتۆدی سیمیۆلۆژی لێ بەرهەم بێت,وسیمیۆلۆژیای هاوچەرخیش گەشەی پێبدات, بەلآم بێ بوونی قۆناغی چۆمسکی تووشی وەستان دەهات,بۆیەئەوقۆناغەدۆخێکی ڕەخنەییەبۆزمان,چونکە گەڕانەوەکەی بەستنەوەی پەیوەندیەکی پچڕاوە,ئەوەش وای کرد زمان دانەبڕێت لەوگەشەتیۆریەی کەبەدرێژایی مێژووهاتووە,تەنانەت ئەونەك تەنها ئەوزەمینەیەبۆسۆسێردەگەڕێنێتەوە,بەڵکوئەومێژووە بۆیۆنانیەکان وهندیەکۆنەکان دەبات,بۆئەوساتەوەختەی کەتوێژینەوەلەبارەی زمانەوەئەنجام دراوە,ئەومێژووەلەپاڵ ئەوگەشەزمانەوانییەی کەبووەخوڵقێنەری سیمیۆلۆژیا,دەبێ بەکلتوری زمان,ئەوکلتورەدەبێ بەزەمینەی ئیشکردنەوە, بەمانای دەیەوێت سیمیۆلۆژیا لەشوێنێکدا دانەخرێت,بەڵکو بەدوای لەدایکبوونی ئەوزانستە پێویستەئەولایەنەشاراوانەی تیاکەشف بکرێت,کەبەنادیاریی لای سۆسێروبێرس ماونەتەوە,چونکە هەریەك لەودوانەئەوەی دەریان خست لای ئەوانیتر کەمتر بیری لێ کرایەوە,چونکەبیرلەفراوانکردنی تیۆرەزمانەوانیەکەنەدەکرایەوە,هێندەی ئەوتیۆرەدەهێنرایەناوڕەخنەلەپێناوئاراستەیەکی نوێ بۆخوێندنەوەی دەق,کەتیایدائەومانازمانەوانیانەبارگاوی دەکرا بەفرەدەلالەتییەوە,هەرچی چۆمسکیە ئەوتیۆرەناگوازێتەوەناوڕەخنە,بەڵکوئەوتیۆرەوەك زانستێك سەیردەکات کەپێویستی بەڕوەنادیارەکەی بووە,بۆیەلەنێوان مرۆڤوئاژەڵ پەیوەندیەکی هاوبەشی زمان دەبینێت,کەئەگەرلای مرۆڤ"ئاماژەی زمانەوانی"ببێت بەشێوەی ئاخاوتن ئەوالای گیانداران سیستمی پەیوەندیی شوێنی ئەوئاماژەزمانەوانیانە دەگرێتەوە.(2)

ئەوەی ئەودووانەلەیەك جیادەکاتەوەئاخاوتنە,چونکەسیستمی پەیوەندیی توانای زمانێکی هاوبەشی هەیەلای گیانداران,بەلآم ئەوزمانە توانای بیرکردنەوەی نییە.

کەچی مرۆڤ لەئاخاوتن ڕووبەرێکی فراوان بۆبیرکردنەوە دەست نیشان دەکات,بۆیە جیاوازی"ئاماژەی زمانەوانی"مرۆڤو"سیستمی پەیوەندیی"گیانداران بیرکردنەوەیە,کەپەیوەندیی بەودامەزراوە عەقڵیەوە هەیە,کەچی لای چۆمسکی ئەوتێڕوانینە دیکارتیەبیانوویەکی نییە بۆئەوەی بتوانێ ئەوجیاوازیەدەست نیشان بکات,ئەوەش دەگەڕێنێتەوەبۆئەوهۆکارەی کەزمان لەئاستی بایەلۆژی گۆشەگیرەولەشوێنێکدا دەیوەستێنێت,بۆیەئەگەرمنداڵ پێکهاتەی جەستەلەلای مانایەکی نەگۆڕی نەبێت,بەلآم لەگەڵ گەشەی فیسیۆلۆژی زمان لەلای دەچێتەئاستێکی گۆشەگیرەوەبەوەی سنوری دەست نیشان کراوەبێت,ئەوەش پەیوەندیی بەوتێگەیشتنەهەیەبەوەی ئەوچۆن سەیری زمان دەکات,یابەواتایەکی تر پرسیاری:زمان چییە؟پرسیارێکەسەرباری ئەوتێگەیشتنە مێژووییەوئەوگۆڕانەی لەبەرەنجامی ئەوپرسیارەهاتەبوون,بەلآم ئەو ڕابردووە زمانەوانییە تەنیا کلتورێکە بۆئەوپرسیارە,کلتورێك دەبێ بەپاڵ پشتێککەتوانای تێگەیشتن بەرەوئاراستەیەکی تر ببات,چونکەچۆمسکی ئەگەرچی لەومانا دیکارتیە,کەمانایەکی عەقڵیەبۆزمان,ئەوەدەردەخات کەمۆدێرنیتی ئەوجیاوازیەعەقڵانیەی بەسەرچووەوتوانای ڕازیکردنی زانستی نییە,چونکەلای چۆمسکی زمان ئەندامێکی ئەکتیڤی مرۆڤە,ئەندامێکەبۆئەوەی لەزمانی ئاژەڵ جیای بکەینەوە,ئەوەنییەبڵێین ئاخاوتنی مرۆڤ دەبێتەهۆی ئەوەی مرۆڤ کائینێکی عاقڵەوئاژەڵ کائینێکی بێ عەقڵە,بەڵکوئەودێت لەوخانەیەدەکۆڵێتەوە کەزمان دێنێت,چونکەبەلایەوەزمان بەرەنجامی هەردوو فاکتەری"ئاستی دەسپێك"و"بەردەوامی شارەزاییە".

ئاستی دەسپێك ئاستێکەسەرەتای درووست بوونی پێکهاتەیە, کەئەوئاستەدەتوانێ زمان وەك دەرباز بوونێك وەربگرێت,کەوابەستەیەبە"عەقڵ/مێشك"ەوە,بۆیەئەوئاستە فاکتەری یەکەمی بوونی زمانە کەمنداڵ یەکەم ساتەوەختی زمان تیایداگەشەدەکات ولای ئاژەڵ ئەوساتەوەختەبوونی نییە, کەدیارەبۆمرۆڤ فاکتەری یەکەم بەهەمووشێوەیەك گرنگترە,چونکەهەرچی فاکتەری دووەمە"بەردەوامی شارەزایی" پەیوەندیی بەوتایبەتمەندیەی زمان هەیە کەمرۆڤ پەیڕەوی دەکات,یانی فاکتەری دووەم..فاکتەرێکی گریمانە کراوی نێوئەوسیستمەی قسەکردنەی نێوزمانە,کەچی هەرچی فاکتەری یەکەمەپەیوەندی بەعەقڵ ومێشکەوەهەیەودەتوانرێ بەفاکتەرێکی سرووشت ناوببرێت.

لای چۆمسکی بونیادگەری زمانەوانی وئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی توانیان دەسکەوتی گەورە بەزانستی زمان ببەخشن, بەمانای ڕۆڵی سۆسێر وئێدوارد سابیر بەبەرهەمی ئەوپێشکەوتنە زمانەوانیە دەزانێت, ئەوەسەرەڕای ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەزمانەوانێکی تردەدات کەبەرلەبونیادگەرەکان ئامانجی زمانەوانی بەکەشفکردنی بونیاد ناوبردووە, ئەویش زمانەوانی دانیمارکی "ئۆتۆبرسبرسن"ە, کەئەوزانستەی ناوبردبەئامانجێکی سەرەکی بۆئاشکراکردنی بونیاد "لەعەقڵی قسەکەر کەتوانای بەرهەمهێنان وتێگەیشتن لەگوزارشتەئازادەکانی هەیە, ئەوانەی دەبنەنوێ لەسەرقسەکەروبیسەر, یاخود تەنانەت لەسەرمێژووی زمانیش, ئەوەش ڕووداوێکی ڕێکخەرەبۆژیانی ڕۆژانە, وەچەمکی بونیادلای سبرسن بەڕۆحی نوێنەرایەتی دادەنرێت کەهەندێك پاڵنەرن دەچنە نێوشیاوەکان لەسەربەرهەم هێنان و تێگەیشتنی گوزارشتەئازادەکان"(3)

ئەوەسەرەڕای ئەوەی پێی وابووەزانستی زمان لەئەمریکا زانستێك بووە وەك میکانیزمێك بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا دەرکەوتووە, نەوەك لەپێناو زماندا بووبێت, بەڵکوزمان بووەبەمیکانیزمێك بۆئەنترۆپۆلۆژیا, بۆیەئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی ئەگەرچی کۆکردنەوەی دوو زانست بوو لەناو یەك, بەلام زانستی دووەم لەناویەکەمدا تواوەتەوە, بۆیەئەودیدگابونیادگەریەبۆزمان بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە,. سەرەڕای ئەوەی کەئەودیدەتوانیویەتی زمان بەرەو پێش ببات, بەلام چۆمسکی پێی وایەپرسیاری زمان چییە؟ پرسیارێك بووبۆئەمریکیەکان قووڵبوونەوەنەبووەلەناوخودی زمان, بەڵکوپرسیارێك بووبەرەومرۆڤناسی دەڕۆیشت, پەیوەندیی بەوپەیوەندیەزمانەوانیەوەهەبوو کەلای ئێدوارد سابیر بۆقسەکردن منداڵ دەبەسترایەوەبەجۆری ئەوکلتورەکۆمەڵایەتیەی کۆمەڵگا گریمانەی دەکات, کەچی لای چۆمسکی ئەوقسەکردنەوابەستە دەکرێت بەتوانای نەستی, بەمانای زمان لەپەیوەندیەکی ئەنترۆپۆلۆژیەوەگەشەبەکلتورنادات, بەڵکو زمان پەیوەندیی هەیەبەئاستی سایکۆلۆژی, ئەوەش پەیوەندیی نێوان ووشەوئاگایی منداڵە, بەمانای لەهەرکلتورێکداڕێزمانی زمانەکە دەیسەپێنێ, چونکە "زمان ڕێکخستنێکی ئاڵۆزەلەڕێزمان کەهەریەك لەوان تایبەتەبەزمانێکی دیاریکراووپێکهاتەی نەحویی دەست نیشان کراو"(4)

بنیاتی دامەزراندنی تیۆری زمانەوانی چۆمسکی لەنێوان ئێدواردسابیروبلۆمفیلدە, ئەگەرچی نزیکایەتی بۆچوونەکانی خۆی بۆلای بلۆمفیلد دەگوازێتەوەش, بەلام ڕەخنەیەکی زۆریش ئاراستەی کارەکانیشی دەکات, بەڕادەی ئەوەی بەوشێوەیە ڕەخنەلەئێدواردسابیرناگرێت, ڕەنگەیەکێك لەوهۆکارانەپەیوەندیی بەڕەوانی وئالۆزنەکردنی سابیر هەبێت, کەلای بلۆمفیلد شتەکان بەئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە, هەربۆنمونەئەگەرکتێبەکەی بلۆمفیلد لەژێرکاریگەری کتێبەکەی سابیرنووسرابێت, تەنانەت بەشێوەوقەبارەش خۆی گەورەترنوێنێت, کەچی ئەوسادەیەی سابیرنەبۆتەهۆی ئەوەی ڕووی قوڵی خۆی لەدەست بدات, بەڵکوبەپێچەوانەوەئەودەرەنجامانەی ئەوپێی دەگات, دەرەنجامێکن تەنانەت زمانەوانێکی وەك "چۆمسکی"ش لەهەندێ خاڵ نەبێ دەنالەوەناچێت کێشەیەکی تیۆری ئەوتۆی لەگەڵدا هەبێت, ئەگەرچی ئەوڕوانینەی هەرلەسەرەتاوەنەبووە, چونکەکارەکانی سەرەتای زیاتر پەیوەندیی بەزانستی زمانەوەهەبووە, بەوشێوەیەی کەزانستێکی سەربەخۆیەوپەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەزانستێکی ترەوەنەبووە, کەچی لەکارەکانی دوایی ئەوزانستەی بەستەوەبەدەروونناسی, ئەوپەیوەندیەلەنێوان زماننناسی ودەروونناسیدا بووبە "هۆی ناسینی چۆمسکی هەنووکە نەوەك بەرهەمەکانی کەزیاترتەکنیك بوولەزانستی زمان, بەوپێیەی کەکایەیەکی مەعریفی سەربەخۆیە"(5)

ئەوهۆکارەی وای لێکردزمان بەرێتەوەناودەروون پەیوەندیی بەڕەخنەکانی بوولەڕەفتارگەری بلۆمفیلد وقوتابخانەکەی, کەئەوڕەخنەیەتائەوئاستەڕۆیی کەئیدیی زمان وەك لەکارەکانی بەراییدابەکایەیەکی سەربەخۆناوی دەبرد, تەواودژبەو بۆچوونەی خۆی وەستایەوە, تەنانەت گەیشتەئەوبۆچوونەی کەزماننناسی لقێکەلەناودەروونناسیدا, بۆیەسیمیۆلۆژیای چۆمسکی چەندەپەیوەندیی زمانە بەدەروونەوە, هێندەش ئەوپەیوەندیەئاماژەی کردبەخاوەن دوو ڕووخسار, یەکەمیان ئەوەیە ئاماژە هێمایە بۆمەدلول, یاخود ئەوڕووبەرەی کەبوونێك داگیردەکات, دووەمیش ئەومانایەی کەلەزمانداهێمای بۆدەکرێت, بەمانای ئاماژەی زمانەوانی بریتیەلەوهێماکردنەی کەڕووبەری دەلالەت دیاری دەکات وهەروەهادەست نیشان کردنی مانای قسەکەردەگرێتەخۆی, ئەوتێگەیشتنەی بۆئاماژەئەگەرچی ڕوانینێکە پێشترلای بێرس هەبووە(6), بەلام ئەوەی چۆمسکی گۆڕانی تیادەکات, ئەودووگوتارەیەکەلەزمان جیای دەکاتەوە: "گوتاری فەلسەفی" و "گوتاری دەروونی".

گوتاری یەکەم لەڕێگەی عەقڵەوەیە, هەرچی گوتاری دەروونیە وابەستەی دەکات بەمێشکەوە, بەمانای ئاماژەوپەیوەندیی دال ومەدلول دەباتەدەرەوەی ئەوگوتارە, چونکەپێش ئەو. . ئەودووگوتارە فەرامۆش کرابوون, هەرلەناوزمان سەیردەکران, لێرەدا ئەگەرئاماژەبۆدووناوبکەین دەڵێین, ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی "ئێدوارد سابیر "گوتاری فەلسەفی کردبووە بەشێك لەناوزمان, وەك چۆن ئەوگوتارە دەروونیەش لای "جاك لاکان "نەك تەنهالەناوزمان توانرابۆوەوجیانەدەکرایەوە, بەڵکولاکان بڕوای وابووکەزمان ونەست وەك یەك بونیادنراون, بۆیەلەنێوان ئەوتێگەیشتنانەدا چۆمسکی دەگاتەئەوبڕوایەی لەنێوان زمان ودەروونناسییداپێویستمان بەتەئویل کردنەوەی گریمانەکانی ئەوپەیوەندییەدەبێت, ئەوەش

لەسەربنەماسیمیۆلۆژیەکەی"بارت"ەوەبەئەنجام دەگەیەنێت, بەمانای بنەما سیمیۆلۆژیەکەی بارت لەڕەخنەداپراکتیزەی دەکات,وەری دەگرێتەوەبۆتەئویل کردنەوەی گریمانەکانی نێوان زانستی زمان و دەروونناسییدا, ئەویش "بەڵگە"یە.

ئەگەرلای بارت بەڵگەشوێنی ئەوڕەمزەدەگرێتەوەکەسۆسێر ڕەتی دەکاتەوە, بەوەش بەدوای نەمانی ڕەمزبەڵگەدێت,پەیوەندیی نێوان دال و مەدلول بەیەك دەگەیەنێت,بەڵام"بەڵگەی زمانەوانی"چۆمسکی هەمان ئەوماناکلاسیکیەی نییەکەلای ئێدواردسابیر هەبوو,کەبەڵگەیەك بووتەنها وەزیفەی ڕاڤەکردنی دەنگ بوولەناوواقیعێکی دەروونی,بەڵکوئەوتێگەیشتنەبۆبەڵگە دەگۆڕێتەسەرئاستێکی گومانایی,بەوەی بەڵگەوەزیفەی دەبێ بە گەڕانەوەی"بنیاتی عەقڵانی بۆبیرۆکە گومانایەکان بۆئەوبەڵگەزمانەوانی وواقیعەدەروونیانەی کەبەشێوەیەك دەرکەوتوون"(7)

ئەوەش دیدێکی تازەگەرانەونامۆنییەبۆزمان,هێندەی گەڕانەوەیەبۆ تێڕوانینی ڕابردوو,قسەکردنەوەیەلەودەستەواژەسەرەتایەی پێی وابوو"زمان ئاوێنەی فیکرە"ئەوگەڕانەوەیەش بەمەبەستی خستنەوەڕووی تێڕوانینەکۆنەکان نییەبۆزمان,هێندەی دەیەوێت لەپەیوەندیی قسەکەربەزمانەوە بڵێت:کاتێ زمان دەبێت بەئاوێنەی فیکرمانای وایەمرۆڤ بەشداریی دەکات لەپەیوەندیی نێوان زمان وعەقڵ,بۆیەزمان وعەقڵ ئەودوانەیەن کەڕەنگدانەوەی یەکترین,بۆئەوەش نمونەبەقسەکردنەوەی منداڵ دێنێتەوە,کەقسەکردن لای منداڵ ڕەنگدانەوەی ئاستی ئاگاییەتی,بۆیەئەوەپڕۆسەی فێرکردن نییە منداڵ بەم شێوەیەقسەدەکات,بەڵکوتواناى عەقڵی خۆیەتی بەپێی خانەکانی مێشکی پەیوەندیی قسەکردنی زمان دەست نیشان دەکرێت,ئەوگەڕانەوەیەش بۆئەودەستەواژەیە دەیگەیەنێتەئەودەرەنجامەنوێیەی کەتیایدائەوەمان بۆئاشکرابکات,کاتێ دەگەینەئەوەی کەبڵێین"زمان ئاوێنەی فیکرە بەماناقووڵ وگرنگەکەی,ئەوەبەرهەمی زیرەکی مرۆییەکەلای هەمووتاکێك خوڵقاوە,بەهاوکاریی پڕۆسەکانی دەکەونە دەرەوەی وەرگرتنی ئاگایی وئیرادە"(8)

ئەوتێڕوانینەبەومانایە نییەکەلەنێوان سۆسێروچۆمسکی بەتەنیانزیکبوونەوەهەیەلەیەکتریی,بەڵکو جیاوازی مەزن لەنێوانیان بەدی دەکرێت,وەك لەپەیوەندیی زمان بەعەقڵ وپۆلین کردنی عەقڵ بەسەردووبەش بەناوی"مێشك"و"زهن".

ئەودووبەشەش لەعەقڵدا کاریان دەبێ بەخوڵقاندنی جیاوازیی لەناوزمان لەڕێگەی دووگوتار,یەکەمیان عەقڵانی وئەویدیش سایکۆلۆژیی,بەڵام ئەوەی وادەکات جارێکی ترچۆمسکی بەسۆسێربگەیەنێتەوە,پەیوەندیی هەیە بەوەی کەزمان بەلایەوەخاوەنی"سرووشتێکی خۆنوێکردنەوەوداهێنەرە, ئەوکێشەیەش لەنێوان هەردووتیۆری سۆسێریی وچۆمسکیەت کێشەی سێنترالەلەمیتۆدی زمانەوانی"(9)

هەرئەوسێنترال بوونی میتۆدەشە وای کردووە,گواستنەوەی تیۆرەکانی چۆمسکی بۆزمانی نەتەوەجیاوازەکان ببێت بەکارێکی ئەستەم وقوڕس,تەنانەت بەوەرگێرانی دەقەکانیشی هێشتان ئاسان نییە تێگەیشتن لێی,هەروەك وەرگێڕێکی عەرەبی کتێبی"زمان وعەقڵ"ەکەی دەڵێت:"چۆمسکی بەڕێزمانێکی زمانەوانی هاتووە,لە بەدبەختیشدایەپراکتیزەناکرێت,تەنهالەسەرزمانی ئینگلیزی نەبێت,وە بانگەوازی ئەوەش دەکات کەبۆزمانەکانی تریش دەست دەدات,بەڵام سوود وەرگرتن لێی دەست نیشان کراوە"(10)

پەراوێزوسەرچاوەکان:

1−ناوبردنی ئەوقۆناغەبەسۆسێریی مانای دەست بەرداربوون نییەلەبێرس,بەڵکوپەیوەندیی بەوڕاستیەوەهەیەکەسیمیۆلۆژیازیاترپشتی بەبۆچوونەکانی سۆسێربەستووە,دەناناوبردنی ئەوقۆناغەمەبەستمان لەهەردووکیانە.

2−ئامـاژەکردن بۆپەیوەندیی مرۆڤ وئاژەڵ بەتەنیالای چۆمسکی دەرنەخراوە,بەڵکوپێشترهەرهەمان پەیوەندیی لای"ئەمبێرتۆئیکۆ"ش قسەی لەبارەوەکراوە,بەتایبەتی ئیکۆنمونەبە شێر دێنێتەوە,کەبەپاشای دارستان ناسراوە,ئەوناسینەبۆخۆی پاشائاماژەیەبۆمرۆڤ ودارستانیش بۆئاژەڵ,بڕوانە:نظرية العلامات ودورالقارىء/امبيرتوايكو,ترجمة"د.عبدالستارجواد"الاديب المعاصر,العدد46"

بەڵام جیاوازی چۆمسکی لەئیکۆ لەوخاڵەوەیەکەچۆمسکی ئەوپەیوەندیەلەئاستی تیۆری زمانەوەدەست نیشان دەکات,نەوەکولەڕووی ئاماژەزمانەوانیەکە.

3−اللغة والعقل/تشومسكي

ترجمة"رمضان مهلهل سدخان"الثقافة الاجنبية,العدد(1)1988ص5

4−هەمان سەرچاوە/ص6

5−جومسكي/جون لاينز

ترجمة"بيداءعلي العبيدي"و"نغم قحطان العزاوي"دارالشؤن الثقافية(بغداد)2001/ص113

6−تەنانەت لەڕووی پەیوەندیی عەقڵی مرۆیی وسرووشتی خەیاڵکردن بۆوەدەست کەوتنی مەعریفە لای مرۆڤ پشتی بەستووەبەچەندین ووتەی بێرس وئەوەش گەیاندویەتیەئەوبڕوایەی کەناتوانرێ"زمان وەدەست بێت تەنیالەڕێگەی سیستمێکی دەست نیشان کراوی پێشترنەبێت"

(جومسـكي:اللغـة والعقـل/حسـب اللـة يحيـى,افـاق عربيـة,العـددالاول/1997/ص72)ئەوقسـەیەبەومانایەیەکەئەوبەهیچ جۆرێـك نایـەوێت بچێتەناوسیستمێکیزمانەوەکەخاوەن زەمینەوکلتورێك نەبێت,بەڵکوئەوەیبەلایەوەگرنگەچۆنیەتیچارەسەرکردنی ئەوڕابردوو زمانەوانییە.

7–تحقيقات صغرىداخل اطارالمنطق الرياضي في مشكلات اللغةالبشرية/جومسكي

ترجمة"رمضان مهلهل سدخان"الثقافة الاجنبية,العدد(2)لسنة2000/ص109

8–تأملات في اللغة/جومسكي

ترجمة"د.مرتضى جواد باقر"و"د.عبدالجبارمحمد علي"

دارالشؤن الثقافية(بغداد)1991/ص15

9–مباحث في علم اللغة واللسانيات/د.رشيد عبدالرحمن العبيدي,دارالشؤن الثقافية(بغداد)2002/ص303

10–جومسكي:اللغة والعقل/حسب اللة يحيى

افاق عربية,العدد الاول/1997,ص72